٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٢٤)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور 71، 73 ، 78 ، 82)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بکە بۆ ئایەتەکانی

	لەبەرکردن کە لە نامەی ڕۆماوە وەرگیراون

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن بۆ ئایەتەکانی لەبەرکردن کە لە نامەی ڕۆماوە وەرگیراون . ،

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 6: ١٢- ٢٣

پێشەکی : ڕۆما ١: 10 شرۆڤەیەکی بیروباوەڕە " دەبێت باوەڕمان بە چی هەبێت ' ڕۆما ٦: ١١- ١٦ فێرکردنێکی کردەییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن دەبێت بژین ، ڕۆما ٦: ١٧- ٢٣ هاندانە بۆ پێشکەوتن لەوەی هاتوەتە دی ، ئەم بەشە نمونەیە بۆ ڕیزبەندی دروست بۆ پرۆسەی بونیادنانی باوەڕداری ڕاستەقینە . باوەڕی دروست ، وە جێبەجێکردنی جێگیر و کاری گونجاو لەگەڵ باوەڕی دروست ، وەهاندان لەسەر خۆڕاگری و چەسپان .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٦: 12- 23 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕستی ئاشكرا بكە كە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت بنوسە لە پەڕاوەكەتدا .
بەشداری بكە. (دوای ئەوەی ئەندامان كاتێك بەسەردەبەن لە بیركردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆكەكانتان بەشداری پێبكەن).
هەریەكێكمان بەشداری دەكەین لەو شتانەی كە ئاشكرا كران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر كۆمەڵەیەكی بچوكدا ، ئەندامانی كۆمەڵەكە بە شێوەیەكی جیاواز بەشداری دەكەن).

ڕۆما 6: 12- 15

<u>ئاشكراكردنی ١: پۆڵس هانی باوەڕداران دەدات كە هەست بە بەرپرسیارێتی بكەن وبەردەوام نەبن لە ژیانی خراپەكاری و ناپیرۆز ، وەك چۆن بێ باوەڕان و بێ ناموسەكان "بێ تەوراتەكان" لە ڕۆما دەژیان.</u>

أ. سروشتی نوێ نەبووەوە سروشتی گوناهە .

ڕۆما ٦: ١٢- ١٣ فێرمان دەكات كە باوەڕدارانی ڕاستەقینە لێناگەڕێن گوناهە جەستەی مردوو ولەناوچویان بەڕێوە ببات ، وە دەبێت ئەركی بەرپرسیارێتی ئەوەی كە نەژین بەپێی سروشتی گوناهباریان لە ئەستۆ بگرن ، بەڵكو دەبێت بە سروشتە نوێیەكەیان بژین كە دەستیان كەوت لە كاتی لەدایكبونەوەی دوەمیان بڕوانە گەڵاتیە ٥: ١٦- ١٨ وە لە ڕۆما ٦: ١- ١١ پۆڵس دەریدەخات كە خودا مرۆڤە كۆنەكەی داماڵیوە ، سروشتە نوێ نەبووەوەكە ، سروشتی گوناهە ٦: ٦ وە لە ڕۆما ١٢- ٢٣ هانی باوەڕداران دەدات كە گوێڕایەڵی گوناهەی جەستەی مردویان نەبن ٦: ١٢ وە لە ڕۆما ٦: ١- ١١ خودا دەسەڵاتی تەواوەتی سروشتی گوناهەی داماڵیوە ، وە لە ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣ هانی باوەڕداران دەدات گوێڕایەڵ وملكەچی حەزو ئارەزوە خراپەكانیان نەبن كە سەر بە سروشتی گوناهەیە ، وە لە ڕۆما ٦: ١٣ لەگەڵ ئەوەی سروشتی گوناهە تا ئێستا هەر

لەنێویاندایە بەڵام هێزەکەی تێکشکاوە ، هەروەها بڕوانە ڕۆما ٦: ٧ ؛ ڕۆما ٨: ١٣ .

ب. ژیان لەژێر سایەی شەریعەت یان لە ژێر سایەی نیعمەت .

ڕۆما ٦: ١٤- ١٥ نابێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە بەپێی شەریعەت بژین وە ئەوان ملکەچی شەریعەت نین بەڵام لەبەرامبەردا دەبێت لە ژێر سایەی نیعمەتدا بژین ، گەڵاتیە ٥: ١٦- ٢٦ .

١. زۆرێك تا ئێستا لە ژێر سایەی شەریعەتن واتە ئەوان هەوڵ دەدەن بەهەموو هێزی خۆیانەوە ڕزگاریان بێت یان ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنن بە کارکردنیان بە شەریعەت ، ئیدی بەراوردی بکە بە تەوراتی جولەکە و شەریعەتی ئیسلام و ناموسدارەکان یان شەریعەتیەکانی هەندێ مەسیحیش ، کتێبی پیرۆز دەڵێت ئەوانە بێتاوانیان دەست ناکەوێت وە هەروەها دۆخی پیرۆزی ئەخلاقیش ، ئەوانە ناتوانن بە ژیانێکی نوێ بژین کە بێتاوانی و پیرۆزە چونکە دەیانەوێ بە هێزی خۆیان بژین .

٢. بەڵام ئەوانەی لە ژێر سایەی نیعمەتن واتە ئەوانەی ڕزگاریان بوە بە نیعمەتی باوەڕ ، ئەوان چێژ دەبینن لە بێتاوانی و ژیانی پیرۆزی ئەخلاقی . وە کتێبی پیرۆز دەڵێ ئەوانە ناتوانن لە ژیانی گوناهەدا بژین ، ڕەنگە بکەونە گوناهەوە بەڵام بەردەوام نابن لە گوناهەدا ١یۆحەنا ٣: ٦- ٩ ئیدی تۆبە دەکەن و دان دەنێن بە گوناهەکانیاندا و لێخۆشبوونی گوناهەکانیان ونیعمەتی خودایان دەست دەکوێت کاتێ بەرهەڵستی گوناهە دەکەن . ڕۆما ٦: ١٤ .

٣. پۆڵس لە ئایەتی ١٥ دەڵێ بیروباوەڕی بێتاوانیی بە نیعمەت لەڕێگەی باوەڕەوە ماف نادات بە مرۆڤ شەریعەتی ئەخلاقی ڕەتبکاتەوە " دە ڕاسپاردەکە" وە بەردەوام بێت لە گوناهە کردن بە بێ سزا . بڕوانە بەشی حەوتەم لە نامەی ڕۆما .

ڕۆما ٦: ١٦- ٢٣

ئاشکراکردنی ٢ : پۆڵس هانی باوەڕداران دەدات ئەو بەرپرسیارێتیە لە ئەستۆ بگرن کە بە ڕاستودروستی و پیرۆزی بژین .

یۆحەنا ١٥: ١٥ ؛ گەڵاتیە ٥: ١ . ملکەچی بۆ مەسیح تاقە ڕێگەیە بۆ ئازادی ڕاستەقینە .

أ. ژیان لەسایەی دەسەڵاتی گوناهەدا یان دەسەڵاتی ڕاستودروستی "بێتاوانی" .

ئایەتی ١٦ هەروەها بڕوانە ڕۆما ٥: ١٧ .

ب. چارەنوسی کۆیلایەتی گوناهە یان کۆیلایەتی ڕاستودروستی .

ئیدی بەم شێوەیە ، پۆڵس فێرمان دەکات کە مرۆڤ ناتوانێ بە بێ گەورە بژی ! هیچ کەسێك سەربەخۆ و ئازاد نیە لەم جیهانەدا و بێ گەورە نیە ، هەموو مرۆڤێك گەورەیەکی هەیە ئیدی ئەم گەورەیە یان گوناهەیە یان ڕاستودروستی .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . **ڕونکردنەوە**

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 6: 12- 23 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 6

پرسیاری ١ : ئەم بەشە چیمان فێر دەکات لەبارەی پیرۆزیەوە ؟

تێبینیەکان .

أ. پیرۆزیی چیە "مرۆڤی نوێ " ؟

ڕۆما ٦: ٦ دەڵێ مرۆڤە کۆنەکەلەخاچدرا لەگەڵ مەسیح ، کرداری زەمەنی بەکارهاتوو لێرەدا ئاماژەیە بۆ مردنی سروشتی نوێ نەبووەوە کە یەکجار ڕوودەدات .

مرۆڤی نوێ ئاماژەیە بۆ پیرۆزیی واتە ناخمان لە دوای نوێبوونەوە ، بڕوانە ڕۆما ٦: ١٩- ٢٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ .

ب. ئامانجی پیرۆزیی چیە "مرۆڤی نوێ" ؟

ئامانجی پیرۆزی ئەوەیە ڕێگە نەدات جەستەی ماددی دەسەڵاتدار بێت بەسەر سروشتە گوناهەکەیدا . ڕۆما ٦: ٦ ؛ ڕۆما ٨: ١٣ ؛ ڕۆما ٦: ١٦ ؛ ڕۆما ٦: ١٨- ١٩ ؛ گەڵاتیە ٥: ١٦- ٢٦ .

ج. بەڵگەی پیرۆزی لە ژیاندا کامەیە ؟

بەڵگە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ نوێ بووەتەوە و ژیانی پیرۆز بووە ئەوەیە مردووە سەبارەت بە هێز ودەسەڵاتی گوناهە ڕۆما ٦: ٢، ٧، ١١ ؛ ڕۆما ٦: ٦ ؛ ڕۆما ٦: ٤ ، ١١، ١٣، ١٧ ، ١٩ .

د. بۆچی پیرۆزی گرنگە ؟

گرنگترین بیروباوەڕ کە بەشی شەشەمی نامەی ڕۆما پێشکەشی دەکات نیعمەتە نەوەك شەریعەت ئەمەش خاڵێکی سەرەکیە بۆ ژیان بە پیرۆزی واتە بە مرۆڤێکی نوێ بژی ڕۆما ٦: ١٤ .

هـ . دڵنیابوون لە پیرۆزیی کامەیە ؟

ڕۆما ٦: ٨- ١١ ؛ ڕۆما ٦: ١٦ ؛ فیلیپی ٢: ١٢- ١٣ ڕۆما ٨: ٣٠ ؛ فیلیپی ١: ٦ ؛ ١پەترۆس ١: ١- ٢ ؛ڕۆما ٨: ٣١، ٣٧ .

ڕۆما ٦: ١٧

پرسیاری ٢: مەبەست چیە لە "ملکەچ بوون لە دڵەوە" ؟

تێبینیەکان .

أ. شێوازی فێرکردنەکە کامەیە ؟

شێوازی فێرکردن نمونەو پێوەرێکی فێرکردنی مەسیحیەتە ، ئەوەی نێردراوان شوێنی کەوتن وبەکاریان هێنا ، بڕوانە ٢تیمۆساوس ١: ١٣ ؛ ٢پەترۆس ٣: ١٢، ١٤ – ١٦ ؛ کردار ٢٠: ١٧- ٣٥ .

ب. باوەڕدارانی ڕاستەقینە ملکەچن بۆ ئەم شێوازە فێرکردنە .

بڕوانە ١کۆرنسۆس ٢: ٩- ١٠ .

ج. باوەڕداران ملکەچی ئەم شێوازە فێرکردنەن .

بڕوانە ڕۆما ٦: ١٦- ١٧ ؛ کردار ٢٠: ٢٧ .

ڕۆما ٦: ١٩

پرسیاری ٣: چۆن باوەڕداران دەتوانن جەستەی ماددیان تەرخان بکەن بۆ خزمەتی ڕاستودروستی ؟

تێبینیەکان .

هەردوو پەیمانی کۆن ونوێ پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی ئەندامەکانی جەستە لە ململانێدان لەدژی گوناهە :

پەندەکان ٤: ٢٣.

پەندەکان ٤: ٢٦- ٢٧ .

پەندەکان ١٥: ٣٠ .

پەندەکان ١٩: ٢٠ .

پەندەکان ٢٤: ١٦ ئەگەر حەوت جاریش بکەوین دەبێت پێیەکانمان بەکار بهێنینەوە هەڵسینەوە دوبارە .

پەندەکان ٢٤: ٢٧ دەبێت دەستەکانمان بەکار بهێنین بۆ تەواوکردنی کارە گرنگەکان یەکەمجار .

پەندەکان ٢٤: ٣٢ دەبێت چاوەکانمان بەکاربهێنین بۆ بینین وچاودێری کردن ووانە وەرگرتن .

پەندەکان ٢٥: ١٥ دەبێت زارمان بەکاربهێنین بۆقسەکردن بەئارامی و نیانی تاکو خەڵکی قسەکانمان لێ وەربگرن.

فیلیپی ٤: ٨ عەقڵمان بەکار بهێنین بۆ بیرکردنەوە لەوانەی ڕاست و دادپەروەر و ئابڕومەند وپاك و شایەنی ستایشن .

هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە. پەپڕەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 6: ١٢- ٢٣ .

6: ١٢ : لەدڵەوە پەیمان بدە ملکەچ بیت بۆ دەسەڵاتی عیسای مەسیح و پەروەردگارێتیەکەی ، ئەگەر نا دەگەڕێیتەوە بۆ سروشتی گوناهەت و گوناهە دەسەڵاتدار دەبێت بەسەر جەستەی لەناوچووتدا . ملکەچ مەبە بۆ حەزوئارەزوە خراپەکان کە سەرچاوەی گرتوە لە سروشتی گوناهەتدا.

٦: ١٣- ١٩ : ئاداگار بە و پەیوەست بە و بەڵێن بدە ڕۆژانە ئەندامانی جەستەت پێشکەش بکە وەك چەکێك بۆ کاروباری دروست و پیرۆز لەبەرچاوی خودا ئەندامانی جەستەت وەکو " عەقڵ وهۆشت ، دڵت ، چاوەکانت ، گوێیەکانت ، زمانت ، دەستەکانت ، پێیەکانت ، تاد.."

٦: ١٤ : هەوڵ مەدە بڕیار بدەیت بەوەی ژیانت لەژێر سایەی شەریعەتدا و هەوڵدان بە هێزی خۆت ڕزگارت بێت و ملکەچی بنەماو یاساکانی شەریعەت بیت و کاروباری ئایینی پەیڕەو بکەیت وەکو نوێژ و ڕۆژووی پەرستش بەراوردی بکە بە فەریسیەکان ، وە کاری چاکە بکەیت بۆ دەستکەوتنی ڕەزامەندی خودا ، بەڵکو هەوڵ بدە بڕیار بدەیت لە ژێر سایەی نیعمەت دا بژیت ، واتە پشتبەستن بەو ڕاستیەی کە تۆ ڕزگارت بوە بە نیعمەتی خودا و لەڕێگەی باوەڕهێنانت بە عیسای مەسیح .

٦: ١٦ : بزانە کە مرۆڤ کاتێ خۆی پێشکەش دەکات بە سروشتی گوناهە وملکەچ دەبێت بۆ حەزوئارەزوە خراپەکان کە سەرچاوەی گرتوە

لە سروشتی گوناهەدا هەر بە کۆیلەیی گوناهە دەمێنێتەوە ، وە ملکەچ بوون بە سروشتی گوناهە مرۆڤ دەبات بەرەو مردن ڕۆما ٦: ٢٣ .

٦: ١٧ : ملکەچ بە بۆ ئەو "شێوازی فێرکردن"ەی بە دەستاودەست هاتوەو دراوەتە دەست باوەڕدارانی ڕاسەتەقینە ، واتە بزانەو ملکەچ بە بۆ نمونەی فێرکردن و بیروباوەڕی دروست و جێگیر وچەسپاو ئەوەی بیری باوەڕداران ڕێکدەخات . ئەمەش تاقە ڕێگەیە بۆ دەستکەوتنی پیرۆزی .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. ئیدی ژیانی خۆم تەرخان کرد بۆ ئەوەی بژیم بەژیانێکی نوێ وڕاستودروست وپیرۆز بۆ شکۆی خودا .

ب. دەمەوێ هەوڵ بدەم وکۆشش بکەم لە فێربوون بۆ شێوازی دروست وچەسپاو لەبارەی فێرکردن وبیروباوەڕی باوەڕداریی ، من دەزانم کە نامەی ڕۆما یەکێکە لە باشترین نمونەکان لە کتێبی پیرۆزدا لەبارەی ئەم شێوازە دروست وچەسپاوە بۆ فێربوون لەبارەی خواستی خودا . بۆیە بەردەوام دەبم لە لێکۆڵینەوەی نامەی ڕۆما وفێربوون لە نامەی ڕۆما و هەروەها خەڵکی دیکەش فێردەکەم لە هەموو سەردەمەکاندا .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 6: ١٢- ٢٣ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 6: ١٢- ٢٣.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ٨٤، ٩٠، ٩١ ، ٩٢ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : "خودا هاوتاو هاوشێوەی نیە " ئیشایا ٤٠: ٢٥- ٢٦ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی" نابینا ، کە ڕابەرایەتی نابینا دەکات" ئاماده بکە لە مەتا ١٥: 14 دا هاتوە ، هەروەها نمونەی " دانا و گێل " لە مەتا ٧: ٢٤- ٢٧ دا هاتوە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .